# تاوانباران عودەی و قوسەی کوژران

ئامادەکردنی: کاوە ئەمین

دوێنێ هەردوو کورە تاوانبارەکەی سەددام حسێن لە شاری موسڵ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە پاش شەڕێکی شەش سەعاتە کوژران. قسەکەرێکی هێزەکانی ئەمریکا ڕاگەیاند کە ئەوان بەتەواوەتی لەوە دڵنیان کە هەردوو تاوانبار لە هێرشێکی لەناکاوی ئەمریکیەکان بۆ سەرماڵی مامی سەددام لە موسڵ کوژراون و لاشەکانیان گواستراونەتەوە بۆ بەغدا و بەگوێرەی هەواڵەکانی کەناڵە عەرەبیەکان ئیمڕۆ لاشەکانیان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە نیشانی دنیا دەدرێت.



کوژانی هەردوو تاوانبار، سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ هێزەکانی ئەمریکا کە ڕۆژانە لە عێراق دەکەونە بەر هێرشی بەعسیەکان و گروپەکانی ئەلقاعیدە. لەم چالاکیەی ئەمریکیەکاندا نزیکە دوو سەد سەرباز و هەلیکۆپتەر پەشداریان کرد، شایانی باسکردنە کە هەندێک هەواڵ ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە کوردێک خەبەری بە ئەمریکیەکان داوە و جێگای خۆحەشاردانی قوسەی و عودەی نیشانی ئەمریکیەکان داوە. خزمێکی سەرۆک عەشیر شێخ موحەمەد زەیدان بە هەواڵنێرانی وتوە کە پێدەچێت شێخ زەیدان خۆی ئەمریکیەکانی ئاگادار کردبێتەوە، بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆیانی بکاتەوە، ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاستبێت ئەوا یا شێخ 30 ملیۆن دۆلارەکەی حەڵاڵ کردووە کە ئەمریکەیان بۆ هەر زانیاریەک کە ڕێگاخۆش بکات بۆ کوشتن یان گرتنی کوڕەکانی سەددام، بەخشیش دەدەن.

بەوشێوەیە لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حسێن ئەوە یەکەمین جارە کە دوو کەس لەو لیستەی کە ئەمریکا بڵاویکرۆتەوە، دەکوژرێن و تائێستا 34 کەسی تر گیراون لە ناویاندا تاریق عەزیز و تەها یاسین ڕەمەزان هەن.

کوژرانی کورەکانی سەددام گەورەترین سەرکەوتنە بۆ گەلی کوردستان بە تایبەتی چونکە ئەو دوو تاوانبارە دەستیان بە خوێنی هەزاران هاوڵاتی کوردستان و عێراق سوورە، هەر بۆیە بە بڵاوکردنەوەی هەوڵەکە خەڵکێکی زۆر لە خەڵکی بەغا دەستیان کرد بە شای و کەیف سەما.